ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

ڕێکخستنی Outlook Express بۆ ناردن و وەرگرتنی ئیمەل.

نووسەر: @:

ئەم وانەیە بریتییە لە چۆنیەتی ئامادەکردنی پرۆگرامی Outlook Express کە پرۆگرامێکی خۆڕاییە لەگەڵ ویندۆزدا، بۆ وەرگرتن و ناردنی ئیمەیلەکانی Hotmail.

هەنگاوی یەکەم، پرۆگرامەکە بکەوە، Outlook Express و پاشان لە لیستەی Toolsدا کرتە بکە سەر : Accounts




لێردەدا چۆنیەتی دانانی ئیمەیلێکی نوێ لەسەر ئەو پرۆگرامە شیدەکەمەوە، بۆیە دەبێ لەو پەنجەرە نوێیە کە بۆمان دەکرێتەوە کرتە بکەینە سەر Add پاشان Mail




پاشان شێوەی پەنجەرەکە جارێکی دیکە دەگۆڕێت،




بۆ Display Name ناوێک دەنووسین کە وەک ننازناوی ئیمەیلەکەمان دەردەکەوێت کاتێک ئیمەیلێک بنێرین بۆ کەسێک. لەوێدا ناوێک بۆ خۆت بنووسە،لە هەنگاوی داهاتوودا دەبێ ئیمەیلەکەی خۆمان بنووسین




ئیمەیلەکەی خۆت لە نێو خانەی ژمارە 5 دا بنووسەو پاشان Next کرتە بکە

پاشان پەنجەرەکە وەک ئەمەی لێدێت،




بۆ Incoming mail server دەبێ HTTP بێت و پاشان لە خوارەوەش ( خانەی 8) دەبێ Hotmail بێت، پاش ئەو هەنگاوانەش Next کرتە بکە.



لە نێو خانەی ژمارە 10دا جارێکی دیکە ناوی ئەکاونتەکەت دەردەکەوێتەوە، لە نێو خانەی Password دا وشەی تێپەڕبوونی تایبەت بەو ئیمەیلەی کە نووسیت، لێرە بینووسە، ئەگەر نەتەوێت وشەی تێپەڕبوونی تایبەت بە ئیمەیلەکەت پاشەکەوت بکرێت، دەتوانی Remember Password ناچالاک بکەیت، بەڵام ئەگەر ئەو ئیشەت کرد دەبێ هەموو جارێک وشەی تێپەڕبوونی ئیمەیلەکەت بە دەستکاری بنووسیت.

پاش جێبەجێکردنی ئەو هەنگاوانە Next کرتە بکە بۆ پێشەچوون.




بەو شێوە ڕێکخستنی Outlook Express ـەکەت بە سەرکەوتوانە کۆتایی هات، ئێستاش بۆ وەرگرتنی ئیمەیلەکانت دەتوانی کرتەیەک بکەیتە سەر Send/Recieve




کۆتایی

Make Your Donation Today
Help Rebuild Lives & Communities in Hurricane Affected States.
آگهی های سرویس عمومی گوگل
تبلیغات در این سایت